# " پۆلا سەعید " دەپرسێت ، "خەسەن " و "خسێن " سێ کچەکەی " موعاوییە" ن ؟

بەرزان هەستیار
ئەڵمانیا / کۆڵن
bhastiar@yahoo.de

"پۆلا سەعید " لە 2008/7/12 و لە ماڵپەڕی " شرۆڤە "دا نووسینێکی کورتی بە ناونیشانی " نیگەرانیی لە ساڵێك لە نیگەرانیدا " بلاو کردووەتەوە و تێیدا باسی "غەدرێك !" دەکات کە گوایە من لە ماندووبوونی ئەوم کردووە .گەرچی من سەرەتا نەمویست وەلامی " پۆلا " بدەمەوە ، بەلام پاشان هەستم کرد بێ دەنگیی لە ئاستی ئەو جۆرە بوختان و قسە بێ بناغانەدا ڕەنگە وا لە هەندێ خوێنەر بکات کە وا تێ بگەن " پۆلا " خاوەن هەقە و منیش غەددار ! ئەمە جگە لەوە ی لەم ساڵانەی دواییدا کەسانێکی دەست و پێ سپی لە بواری نووسیندا پەیدا بوون و ئیش و کاریان تەنها ئەوەیە کە بە چرای ڕۆن گەرچەکەوە بە دوای بەرهەمە ئەدەبییەکانەوە بن و کۆمەڵێك ڕستەی حازر بە دەستی وەك " دزین " و " لاسایی کردنەوە " بخەنە پاڵیان و یان هەر نا خاوەنەکانیان بەوە تاوانبار بکەن کە لە فلانە شوێنی نووسینێکیاندا فیسار وشەیان بەکار هێناوە و گوایە ئەم وشەیەیان لە جەنابی وەرگرتووە و ئاماژەیان پێ نەکردووە .

بە هەر حاڵ من نامەوێت درێژە بە پێشەکیی و تەنانەت نووسینەکەشم بدەم چونکە ناچاریی وای لێ کردووم وەلام بدەمەوە و زۆر بە سادەییش وەلامەکەم دەنووسم بۆ ئەوەی " پۆلا " لێی حاڵیی ببێت .

" پۆلا " هەر لە سەرەتاوە ناونیشانی قەسیدەکەی منی لا بووە بە کێشە و دەیەوێت خوێنەر لەوە ئاگادار بکاتەوە کە بۆچی من ناونیشانی قەسیدەکەمم گۆڕیوە و ئینجا چاپم کردووە و بە حیسابی خۆی وەلامی ئەو پرسیارەش لای ئەوە !!

"پۆلا " ئێستا من ئەمەوێت لەو نووسینە کورتەی تۆدا تەنها ئەو هەڵەو ناشارەزاییانەی خۆتت بخەمەوە بەر چاو و هەمان کات ڕاستیشیان بکەمەوە بۆت و سەرنج و وەلامی خۆشمیان لە پاڵەوە بنووسم و واشم بە باش زانی هەڵەکانی خۆت و ڕاستکردنەوەکانی خۆم بۆ تۆ و خوێنەران بە ژمارە بخەمە ڕوو .

1- "پۆلا" هەر لە ناونیشانی نووسینەکەیەوە کەوتۆتە هەڵەوە و نووسیویێتی " نیگەرانیی لە ساڵێك لە نیگەرانیی دا " ، هەڵبەتە کاتێك کەسێك ئەم ناونیشانە دەخوێنێتەوە وا تێ دەگات کە "پۆلا " باسی "نیگەرانیی " دەکات لە قەسیدەی "ساڵێك لە نیگەرانیی "دا ، بەلام پاش خوێندنەوەی نووسینەکەی ئەووت بۆ دەردەکەوێت کە "پۆلا "ئەوەی نەچوویێت بە لایدا ئەو باسەیە ، بەڵکو باسی ئەوە دەکات کە من لە قەسیدەی "ساڵێك لە نیگەرانیی "دا غەدرم لە " نوێگەریی " ئەو کردووە ، کەواتە "پۆلا " دەبوو ناونیشانی نووسینەکەی بکات بە " " نیگەرانیی لە " ساڵێك لە نیگەرانیی " " ، بە واتا " پۆلا " نیگەرانە لە قەسیدەکەم .

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

2- " بەرزان هەستیار ناوی شیعرەکەی بۆیە دەگۆڕێت، هەتاوەکوو ناوە ناوێکەی بکات بەپردێک بۆ گواستنەوەی ئەو نوێگەرییەی، کە من هۆنراوەی هەر ڕۆژەی پۆستێکدا خستوومەتە بەردەمی خوێنەر. ئەو دەمەی من دەستم بە نووسیینی هەر ڕۆژەی پۆستێک کرد، هەواڵی بەرهەمەکەی خۆمم بە چەند هاوڕێیەکم گەیاند و چەند لاپەڕەیەکیشم لە دەستپێکردنەکە بۆ ناردن، لە نامەکەمدا تیشکم خستبووە سەر تەواوی کارەکەم، کە ئەمە هەڵەیەکی گەورەی من بوو. چونکە دواکات لە ڕێگای ئەو هاوڕێیانەمەوە سەرەتاکە دەست زۆر کەسی تر کەوتبوو. "

**"پۆلا " ، من لە خۆت ناپرسم بەڵکو ڕووی دەمم ئەکەمە خوێنەرێکی هوشیار و دەڵێم ، دەبێت ناو گۆڕینی قەسیدەکەی من چ پەیوەندییەکی بەو شیعرەی" پۆلا "وە هەبێت کە من هەتا ڕۆژێك پێش نووسینی ئەم دێڕانە ئەو " نوێگەرییە ! " ی ئەوم لە هیچ شوێنێك نەبینیوە و ئەگەر وەك خۆی بە ناڕاستەوخۆ بانگەشەی ئەوە دەكات كە گوایە لە ڕێی چەند هاوڕێیەكییەوە شیعرەكەی یان هەواڵی " نوێگەریی ! "یەكەی بە من گەیشتبێت دیسانەوە ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت بۆ ئەوەی "نوێگەریی !"ی ئەو بدزم بیكەم بە پردێك ، بێم و ناونیشانی قەسیدەكەی خۆم بگۆڕم ." پۆلا "، تۆ بڕوا بەم قسانەی خۆت دەكەیت یان لە حاڵەتێكی نا ئاساییدا نووسیوتن !؟؟ یان پێم ناڵێیت ئەگەر من ناونیشانی قەسیدەكەم هەر وەك خۆی بهێشتایەوە چی ڕووی دەدا ؟ ئایا بەمە ئیتر غەدرم لە تۆ نەدەكرد ؟ دیارە ئەوساش دەتوت ئەو غەدرەشت لێ كردووم كە ماوەی نووسینی قەسیدەكەت درێژ كردووەتەوە بۆ ساڵێك " وەك نووسیویشتە " .**

**جارێكی تر بە خوێنەرانی ئازیزی دەڵێمەوە كە من هەرگیز پێم خۆش نەبووە تێكەڵی باسێك ببم یان وەڵامی كەسێك بدەمەوە كە بزانم لە كات بە فیڕۆ چوون زیاتر هیچم تیا دەستگیر نابێت ، بەڵام ئەمجارە "پۆلا " ئەوەندە "زیرەكانە! " ناچاری كردم كە نەتوانم لێی بێدەنگ بم و دڵنیاشم ئەم وەڵامەم " ئەگەر خۆی بیەوێت " سوودی ئەوەی بۆ "پۆلا " تێدا دەبێت كە جارێكی تر ئەوەندە نەشارەزایانە خۆی فڕێ نەداتە بابەتێكەوە و وا بزانێت خوێنەر ئەوەندە گێلە هەست بەوە ناكات كە ئەو و چەندین كەسی تر پێ دەستیان داوەتە كاسپییەكی ناشرین و بەو هۆیەوە دەیانەوێت خوێنەر بۆ خۆیان پەیدا بكەن .**

3- "بەرهەمە نوێکەی بەرزان هەستیار (ساڵێک لە نیگەرانیی) هەر خودی هۆنراوەی ساتێک لە نیگەرانیی دەنووسمەوەیە، کە لە ناوەڕاستیی 2006ەوە دەستی پێکرد و هەرجارەی چەند کۆپلەیەکی لە سایتەکانی وەک (چراکان، دەنگەکان، کلاوڕۆژنە، چرا، کوردستان نێت)دا بڵاودەکردەوە. هەنووکە ناوی شیعرەکە گۆڕدراوە و بووە بە ساڵێک لە نیگەرانیی."

**"پۆلا " گیان با من جارێ لەم سێ دێڕ و نیوەتا سێ هەڵەت بۆ ڕاست بكەمەوە ،یەكەم : من ناونیشانی پێشووی قەسیدەكەم " ساتێك لە نیگەرانی دەنووسمەوە " نەبوو ، بەڵكو "چەند ساتێكی نیگەرانیی ئەنووسمەوە " بوو ،**

**"" پۆلا " گیان تكایە نەڵێیت لەبەر ئەوەی لە ماڵپەڕەكاندا ناچالاكت كردوون ، ناونیشانەكەیم تەواو بیر نەماوە ، چونكە بەڕێزتان دیوانەكاتان لە ماڵپەڕی " پەڕتووك "دا بینیوە ".**

**دووەم : ئەو ماڵپەڕە ناوی "چرا" نییە و بەڵكو ناوی" چرا تیڤی "یە .**

**سێهەم : من بە هیچ جۆرێك هیچ بەشێكی ئەو قەسیدەیەم نە ، لە "چرا تیڤی " و نە ، لە "كوردستان نێت " بڵاو نەكردۆتەوە نازانم تۆ چۆن لەو ماڵپەڕانە بە ناچالاك بینیوتە ، هەر بۆیە جارێكی تر دەڵێم ڕەنگە لە نائاگایی دا ئەو نووسینەت نووسیبێت ، من بەر لە نووسینی " ساڵێك لە نیگەرانیی " ئەگەر بە هەڵەدا نەچووبم زیاد لە سێ ساڵێك دەبوو هیچم لە "كوردستان نێت "دا بڵاو نەكردۆتەوە ، ئیتر نازانم بۆ لێرەدا ناوی "كوردستان نێت " دێنیتەوە !!!!!**

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

4- ناوەڕۆکی هەر ڕۆژەی پۆستێک هێندە قوڵبوونەوەیە لە هزردا، کەمتر لە دەرگای بواری تری داوە. لەم هۆنراوەیەدا من تەواو و ڕێک بیۆگرافیی هزری ساڵێکی خۆمم نووسیوەتەوە، کە بەرزان هەستیار ناوی شیعرەکەی دەگۆڕێت و درێژی دەکاتەوە بۆ کاری ساڵێک هیچی نەکردووە بێجگە لە غەدرێک لە ماندووبوونی من.

**خوێنەری ئازیز تۆ دیقەت لەوە بدە کە"پۆلا " دەڵێت " من تەواوو ڕێك بیوگرافیای هزری ساڵێکی خۆمم نووسیوەتەوە " کەچی هەر دوای ئەوە بە چەند دێڕێك دەنووسێت :**

5- |"من لە 1.08.2006 دا دەستمکردووە بە هەر ڕۆژەی پۆستێک و لە 22.09.2007 دا کۆتاییم پێهێناوە و لە ئۆکتۆبەری 2007 دا لە کوردستانپۆستدا بڵاومکردەوە و پاشان ناردم بۆ سایتی پەرتووک."

**جارێ ئەوەی "پۆلا " ناوی ناوە " تەواو و ڕێك بیوگرافیای هزری ساڵێکی خۆم " ، ئەوە هەڵەیەکی تری "پۆلا " یە و چونکە پێ دەچێت تا ئێستاش نەزانێت ساڵێك چەند ڕۆژ و مانگە ، ئەگەر وانییە بە کام پێوەری دنیا 2006/8/1 هەتا 2007/9/22 دەکاتە ساڵێکی تەواو و ڕێك ،ئەوە جگە لەوەی من قەسیدەکەی خۆمم لە 2006/7/16 دەست پێ کردووە و لە 2007/7/16 تەواوم کردووە ، کەواتە ئەوەی من ساڵێکی تەوا و ڕێك ئەکات و ئەوەی پۆلا دەیڵێت دەکاتە ساڵێکی ناتەواو و خوار ! ئیتر ئێستا ئەوەش ئاشکرا بوو کە من پێش "پۆلا" دەستم بە نووسینی قەسیدەکەم کردووە و پێش ئەوەی ئەویش "نوێگەریی ! "یەکەی خۆی لە ئۆکتۆبەری 2007 لە کوردستان پۆست بڵاو بکاتەوە ، من بەشێك یان دوو بەشی قەسیدەکەم لە چەند ماڵپەرێکدا بڵاوکردووەتەوە و ئێستاشی لەگەڵدا بێت من ناڵێم " پۆلا " ئەم ئەزموونەی منی بە ڕۆژی ڕووناک تاڵان کردووە و بەڵام ئەوەش ناشارمەوە ، ئەوەی "پۆلا " دەیڵێت کە گوایە غەدرم لێ کردووە ، یان بە مانایەکی تر دزیم لێ کردووە ، بە ئیهانەیەکی گەورەی دەزانم ، چونکە بە ڕاستی قەت ئەو هەقە بە خۆم بە ڕەوا نازانم کە هەرگیز ئەو جۆرە کارانە بکەم ، بە تایبەتی بە رامبەر کەسێکیش کە هیچ شتێك لە ماڵەکەیدا نەبێت ، ئیتر نازانم چۆن دزیی لە ماڵ و حاڵێکی وەك ئەوەی " پۆلا " چۆڵ، دەکرێت .**

**خوێنەری ئازیز بڕوا بکە کاتێك دوای خوێندنەوەی ئەم نووسینە کورتەی " پۆلا شیعرەکەیم دۆزییەوە و سەیرم کرد ن ئەوەندەی تر هەستم بە ئیهانە کرد کە من بێم تەماع بکەمە شیعرێك کە هەر لە یەکەم دێڕەوە بە هەڵە دەست پێ دەکات و دە نووسێت :**

**"تەپ تەپ لە دەرگای پەنجەرەکەم دەدات "**

**پۆلا سەعید " هەر ڕۆژەی پۆستێك "**

**" پۆلا " ئەگەر دەکرێت بە من و خوێنەرانیش بڵێیت " دەرگای پەنجەرە " مانای چی ؟ بەڵام تکایە نەکەیت بڵێین ئەوە مەجازە ، چونکە دەبێتە هەڵەیەکی ترت و منیش تاقەتم نییە ئەوەندە هەڵەت بۆ ڕاست بکەمەوە !**

6- " من زۆر گەڕام لە ئینتەرنێتدا تەواوی ئەو لینکانە بدۆزمەوە، کە پێشتر بەرزان هەستیار ساتێک لە نیگەرانیی دەنووسمەوەی تێدا بڵاوکردبۆوە، لێ پێدەچێت هەموویانی ناچالاک کردبێت. من خۆم تەنانەت دواهەمیین بەشی ساتێک لە نیگەرانیی دەنووسمەوەم لە کلاوڕۆژنە و دەنگەکاندا خوێندەوە، کە کۆتایی ئەو هۆنراوەیە بوو، لێ هەنووکە بووە بە بەرهەمی ساڵێک."

**دەزانیت "پۆلا "، کەسێك کە بە مەبەست و بەرنامە درۆی کرد ئیتر هەق نییە لێی بێدەنگ بین ، تۆ ئەمجارە نەك تەنها هەڵە بەڵکو درۆیەکی گەورەشت کردووە ، نازانم " پێ دەچێت " مانای چی ؟ ئەگەر پێ دەچێت من هەموویانم ناچالاك کردبێت " دیارە بە حیسابی خۆت لە ترسی جەنابت ناچالاکم کردوون " ئەی بۆ ناچیت سەیرێکی ماڵپەڕی " خۆزگە " بکەیت تا بزانیت ئەو قەسیدەیەی تۆ باسی لێ دەکەیت چالاکە یان نا**

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

؟ خۆ ئەگەر لە ماڵپەڕی" دەنگەکان " یان "کلاورۆژنە "چەند بەشێکی ناچالاك بێت ئەوە پێش نووسینی ئەو چەند دێڕەت دەتتوانی چەند کلیك "ێك بکەیت و بە ئیمێلێك پرسیار لە خاوەنی ئەو ماڵپەڕانە بکەیت تا بزانیت من خۆم ناچالاکم کردوون یان هەڵە لە ماڵپەڕەکەوەیە !

7- "لەناو کورددا لەسەر دەستی هەڵبژاردەیەک تەکییە و دیوەخان دروستکردن لەپێناوی ستایشکردنی شێخێک و کۆکردنەوەی دەروێشدا بووە بە مۆدێکی سەردەمییانە. هەموو ئەو دەروێشانەش خەریکی دروستکردنی فەقێن، ئاخر ئەوانیش پێویستیان بە ستایشکردن هەیە."

ئەو دوو دێڕ و نیوەی سەرەوە میسکی کۆتایی کورتە نووسینەکەی "پۆلا" یە و من واز لەوە دێنم کە ئەو دوو دێڕ و نیوە چەند ترسنۆکانە و تەمومژاویی لە چاو دێڕەکانی تردا ، نووسراون ، بەلاّم تەنها ئەوە دەپرسم و بە" پۆلا " ی " نویگەر " دەڵێم ، تاکو ئێستا کەی و لە کوێ و لە کام کتێبدا بینیوتە یان خوێندبووتەتەوە کە " دەروێش " ، " فەقێ " دروست بکات ، برا گیان با ئەمەشیانت بۆ ڕاست بکەمەوە نەوەك لە شوێنێکی تر بینووسیت یان لە کۆڕو کۆبوونەوەیەکدا لە دەمت دەربچێت و هەمان شت بڵێیتەوە و ببیتە مایەی پێکەنین ،

پۆلا گیان ئەوەی " فەقێ " دروست ئەکات " پێی دەوترێت " مەلا " ، واتا "فەقێ " لای "مەلا" دەرس دەخوێنێت و دەردەچێت ، بەلاّم دەزانیت هەر تێنەگەیشتم لە لای تۆ ، من " فەقێ " م یان "دەروێش" !!!

دواجار ماوەتەوە ئەوەی بڵێم " پۆلا " گیان نووسینەکەت لە هەموو گیانیا تەنها پەنا گوێی ساغ بوو ، کەواتە ئازیزم با ئێستا وەلاّمی ئەو پرسیارەت بدەمەوە کە کردوومە بە ناونیشانی ئەم نووسینەم :

" خەسەن " نییە و " حەسەن " ە ، " خسێن " نییە و " حسێن " ە ، سیان نین ، دوانن ، کچ نین ، کوڕن ، کوڕی " موعاوییە " ش نین ، کوڕی " عەلی کوڕی ئەبو تالیب " ن !!!!! ئێستا تێ گەیشتیت ، تۆش چەند هەڵەت لە نووسینەکەتدا کردووە ؟!!!

زۆر زۆر بە داخیشەوەم کە بۆ یەکەمجار ناچار کرام بە زمانێك کە پێی ڕانەهاتووم ، وەلاّمی کەسێك بدەمەوە .

************

بۆ بینینی نووسینەکەی " پۆلا " خوێنەر دەتوانێت تەماشای ئەم لینکە بکات :
http://shrova.com/index.php?id=683

بۆ خوێندنەوەی " نویگەریی "یەکەشی تکایە تەماشای ئەم لینکە بکە:
http://www.pertwk.com/pertwk/index.php?e=1103

بۆ خوێندنەوەی " سالك لە نیگەرانی "یش تەماشای ئەم لینکە بکە :

http://www.pertwk.com/pertwk/index.php?e=1071

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com